حکومەتی فیدڕاڵی

# نامەی پاراستن

## لەبەرامبەر خەتەنەکردنی مێینە

تۆ پێویستە هەمیشە ئەم نامەی پاراستنە لەگەڵ خۆت هەڵگری کاتێک گەشت بۆ دەرەوەی وڵات دەکەیت. ئەمە وا دەکات تۆ بەڕوونی بە خێزانەکەتی نیشان بدەیت کە لە ئەڵمانیا خەتەنەکردنی مێینە تاوانێکە کە سزای چەند ساڵ زیندانی لێدەکەوێتەوە.

حکومەتی فیدڕاڵی کۆماری فیدڕاڵی ئەڵمانیا

**خەتەنەکردنی مێینە تاوانەو** پێشێلکردنێکی مەترسیداری مافەکانی مرۆڤە بە دەرەنجامی سەختی جەستەیی و دەروونی بەدرێژایی ژیان بۆ کچ و ئافرەتانی تووشبوو. ڕێوشوێنی خەتەنەکردنی مێینە لەوانەشە ڕاستەوخۆ ببێتە هۆی مردن بەهۆی ئاستە بەرزەکانی لەدەستدانی خوێن یان هەوکردنی توند.

**لە ئەڵمانیا، ئەنجامدانی خەتەنەکردنی مێینە تاوانە کە شیاوی سزادانە بە زیندانی کردن بۆ بۆ ماوەی تاوەکو 15 ساڵ.**

خەتەنەکردنی مێینە لابردنی بەشێک یان تەواوی ئەندامی زاوزێی دەرەکیی مێینەیە؛ و خراپترین شێوازەکەی، دروینەوەی کرانەوەی زێیە تاڕادەیەک بەتەواوەتی دادەخرێت.

## من چی لەم نامەیە بکەم؟

تۆ دەتوانیت ئەم نامەی پاراستنە لەگەڵ خۆت هەڵبگریت و نیشانی خێزانەکەتی بدەیت لە وڵاتی نیشتمانی خۆت. ئەم نامەیە ڕوونی دەکاتەوە کە خەتەنەکردنی مێینە **تاوانە** لە ئەڵمانیا - تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی وڵاتیش ئەنجام بدرێت. ئەمە ڕوونی دەکاتەوە کە تۆ ڕووبەڕووی**زیندانی تاوەکو 15 ساڵ** دەبیتەوە ئەگەر خۆت خەتەنەکردنی مێینە لەسەر کچەکەت ئەنجام بدەیت یان ئەگەر کەسێکی تر خەتەنەکردنی مێینە ئەنجام بدات و تۆ ڕێگری لە ڕوودانی ئەمە نەکەیت یان تەنانەت یارمەتی ئەم ڕێوشوێنە بدەیت. تۆ هەروەها لەوانەیە هاتنەناو ئەڵمانیات لێ قەدەغە بکرێت یان مۆڵەتی نیشتەجێ بوونت لەدەست بدەیت.

## تاوانی جینایی (بەشی 226a لە یاسای تاوان)

بەپێی یاسای ئەڵمانیا، خەتەنەکردنی مێینە تاوانێکی جنابیە (بەشی 226a لە یاسای تاوان). هەر کەسێک خەتەنەکردنی مێینە ئەنجام بدات تاوان ئەنجام دەدات و ڕووبەڕووی سزای زیندان دەبێت بۆ ماوەی تاوەکو 15 ساڵ.

خەتەنەکردنی مێینە هەروەها شایانی سزادانە ئەگەر **لە دەرەوەی وڵات** ئەنجام بدرێت یان ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات ئەڵمانی بێت، یان ئەو کچ یان ئافرەتەی کە خەتەنەی مێینەی بۆ دەکرێت ئەڵمانی بێت یان لە لە ئەڵمانیا دابنیشێت یان شوێنی سەرەکی نیشتەجێبوونی ئەڵمانیا بێت.

هەروەها هەرکەسێک یارمەتی کەسێکی تر بدات لە ئەڵمانیا یان لە دەرەوەی وڵات لە ئەنجامدانی خەتەنەکردنی مێینە ئەوا تاوان ئەنجام دەدات.

هەروەها هەرکەسێک کەسانی تر ڕازی بکات بۆ ئەنجامدانی خەتەنەکردنی مێینە ئەوا تاوان ئەنجام دەدات.

ئەمە ئەو باوک و دایکانەش دەگرێتەوە کە پارێزگاری لە کچەکانیان ناکەن لە بەرامبەر جێبەجێکردنی خەتەنەکردنی مێینە لە ئەڵمانیا یان لە دەرەوەی وڵات.

ئەو کچ یان ئافرەتەی کە خەتەنەکردنی مێینەی بۆ ئەنجام دراوە سەرزەنشت ناکرێت و سزا نادرێت.

ئەو کەسانەی کە خەتەنەکردنی مێینە ئەنجام دەدەن، کەسانی تر ڕازی دەکەن بۆ یارمەتیدانیان یان شکست دەهێنن لە پارێزگاری کردن لە کچەکانیان لەوانەیە لەگەڵ ئەوەدا مافی مانەوەیان لەدەست بدەن و لەوانەیە هاتنیان ڕەت بکرێتەوە بۆ ناو ئەڵمانیا.

## خەتەنەکردنی مێینە چییە؟

خەتەنەکردنی مێینە **پێشێلکردنێکی مەترسیداری مافەکانی مرۆڤ** کە تێیدا بەشێک یان هەموو لچی دەرەوە و/یان ناوەوەی زێی ئافرەت و قیتکە لادەبرێت و (لە خراپترین شێوازیدا) زێ بە داخراوی دەدوورێتەوە، لە هەندێک حاڵەتدا دەرچەیەک بە قەبارەی سەرە دەرزییەک دەهێڵدرێتەوە. کچان لەوانەیە خوێنێکی زۆر لەدەست بدەن لەکاتی کردارەکەدا یان لەوانەیە برینەکە پیس ببێت، کە دەکرێ ببێتە هۆی **دەرەنجامی تەندروستی مەترسیدار** و تەنانەت **مردن**.

- **ئازار بەدرێژایی ژیان، ترۆمای دەروونی**
- **کێشەی منداڵبوون، هەوکردنی درێژخایەن**
- **شێوانی هەست و ئازار لەکاتی جووتبوونی سێکسیدا**

ئەو ئافرەتەی کە خەتەنەکردنی مێینەیان ئەنجام داوە تەنها نارەحەتی **ئازاری بەدرێژای ژیان، ترۆمای دەروونی و کێشەی منداڵبوون.** ناچێژن. بەڵکو لەوانەشە هەوکردنی درێژخایەنی گورچیلە یان هەوکردن میزڵدان تێیاندا پەرە بسەنێت و زۆرجار بەدەست سووڕی مانگانەی ئازاربەخشەوە دەناڵێنن.

هەروەها زامە جەستەیی و دەروونییەکان بەتوندی مافەکانی ئافرەتان و کچان پێشێل دەکەن لە بڕیاردانی خۆیی سێکسی. جووتبوونی سێکسی لەڕادەبەدەر ئازاربەخشە؛ هەستی سێکسی بەشێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە یان نامێنێت بەهۆی لەناوبردنی شانەی دەماری.

ئەگەر ئەنجام درا، خەتەنەکردنی مێینە بەگشتی **ناتوانرێت هەڵبوەشێنرێتەوە**.

# لەکوێ یارمەتی وەربگرم؟
# چی بکەم ئەگەر گومانم کرد خەتەنەکردنی مێینە ئەنجام دەدرێت؟

ئەگەر نیگەرانی ئەوە بووی تۆ یان کەسێک کە تۆ دەیناسی لە مەترسی ئەوەدایە کە ببرێتە وڵاتێکی تر بۆ خەتەنەکردنی مێینە یان ئەگەر ئەم مەترسیە لە ئەڵمانیادا هەبوو، تۆ دەتوانی پەیوەندی بکەیت بە

- **پۆلیس (ژمارە تەلەفۆن: 110) یان**
- **نووسینگەی خۆجێی خۆش بژێوی لاوانی خۆت.**

هەروەها هێڵی یارمەتی توندوتیژی نیشتمانی دژی ئافرەتان پاڵپشتی لە ڕێگای تەلەفۆن یان چاتی سەرهێڵ پێشکەش دەکات.

- ژمارە تەلەفۆن: 08000 116 016
- www.hilfetelefon.de

ئەم هێڵی یارمەتییە ڕاوێژ پێشکەش دەکات بە 18 زمان 24 کاتژمێری هەفتە، بە بێبەرامبەر و بەنەناسراوی.

HILFE TELEFON
GEWALT GEGEN FRAUEN
08000 116 016

ئەگەر تۆ لە دەرەوی وڵاتیت و پێویستیت بە یارمەتییە دەتوانیت پەیوەندی بکەی بە نزیکترین نێردەی دیپلۆماتی ئەڵمانی.

ئەڵمانی:
www.auswaertiges-amt.de/de/ReiseUndSicherheit/deutsche-auslandsvertretungen

ئینگلیزی:
www.auswaertiges-amt.de/en/aussenpolitik/laenderinformationen

Federal Ministry
of the Interior
and Community

Federal Ministry for
Family Affairs, Senior Citizens,
Women and Youth

Nancy Faeser
Federal Minister of the Interior and Community

Lisa Paus
Federal Minister for Family Affairs, Senior Citizens, Women and Youth

Federal Ministry
of Justice

Federal Foreign Office

Marco Buschmann
Federal Minister of Justice

Annalena Baerbock
Federal Minister for Foreign Affairs

Federal Ministry
of Health

Karl Lauterbach
Federal Minister of Health

**مۆر کردن**

ئەم نامەی پاراستنە بەشێکە لە کاری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی؛ بێبەرامبەر بەردەست دەبێت و بۆ فرۆشتن نییە.

**بە ناوی حکومەتی فیدراڵییەوە بڵاو کراوەتەوە لەلایەن:**
Bundesministerium
für Familie, Senioren, Frauen und Jugend
Referat Öffentlichkeitsarbeit
11018 Berlin
www.bmfsfj.de

ئەگەر هەر پرسیارێکت هەبوو، پەیوەندی بە تەلەفۆنی
ڕاژەی ئێمەوە بکە: 20179130 30 49+
دووشەممە تا - پێنجشەممە: کاتژمێر 9ی بەیانی تا 6ی - دوای نیوەڕۆ
فاکس: 4400-555 18 30 49+
ئیمەیل: info@bmfsfjservice.bund.de

ژمارە تەلەفۆنی ڕاژەی گشتی بۆ هەموو دام و دەزگا
و نووسینگەکانی حکومەت: 115*

**دەست پێدەکات لە:** کانوونی یەکەمی 2023 ، 4هەم پێداچوونەوە (sorani)
**نەخش:** www.zweiband.de
**چاپخانە:** MKL Druck GmbH & Co. KG

* بۆ پرسیارە گشتییەکان لە هەموو نووسینگە و دەزگاکانی حکومەت، ژماری ڕاژەی گشتی 115 بەهەمان شێوە بەردەستە. لە هەرێمە بەشداربووەکاندا، 115 کراوەیە لە کاتژمێر 8ی بەیانییەوە تاکو 6ی دوای نیوەڕۆ لە دووشەممەوە بۆ هەینی. پەیوەندییەکان بۆ 115 لە هێڵی زەمینی ئەڵمانی و زۆربەی تۆڕەکانی مۆبایلەوە کرێی ناوخۆ دەدرێت و بۆیەش بۆ خاوەن نرخە جێگیرەکان بێبەرامبەرە. کەسانی نابیست دەتوانی دەستیان بە زانیارییەکان بگات لە ڕێگای پەیوەندیکردن بە ناونیشانی SIP 115@gebaerdentelefon.d115.de. بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا 115 لە هەرێمەکەی تۆدا لە بەر دەستە و بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژمارەی ڕاژەی گشتی تکایە سەردانی http://www.d115.de بکە.